# با (با) بەناوتدا گوزەر بکا



handren88@hotmail.com

بۆ ئەو کەسەی ژیانی لە نووسینە
هۆشەنگ شێخ محەمەد

خەتای تۆ نیە هاوڕێم
خەتای گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی باخچە تاریکەکانیش نیە
خەتای ئەو ڕەیحانانەیە
کە پێتوایە بۆنی ڕوحتیان هەڵگرتووە
بڕوا مەکە
ئەوان دزن دز
درۆ لەگەل کەروێشکەکانی لووتت ئەکەن
چیتر ئیمێلەکانی دڵت بەبێ ئەنتی مردن مەکەرەوە
ئەم نووسینەی منیش
سێ جار لە ژێر ڕوناکی ئەو ژنانەی کە پێتوایە بەبێ هەڵگیرسان کوژانەوە

له شەوێکی رەنگ نارنجی
کە تریفە مەمکەکانی بۆ ناچنە خەو
پیتەکانی شعرێکی نەنووسراوم
لەلای چەپی مەمکی ئەودا بەرەڵا بکە
هەرچی شعری خۆشت هەیە
لەناو مەمکی راستی ئەودا کۆییکەرەوە
پیتی (د) دەستت ئەگرێ و ئەتبا
بڕوای پێبکە
ئەو گومانەی نێوان خۆت و خودا مردووەکەی روحت
بەس بۆ پەنجەی پێیەکانت ئەبنە دەریا
ئەم شەو دواین شەوە
دارگوێزەکەی ناو تانۆکی باخچەی زێوەر
ئەستورترین لقی خۆی ئەشکێنێتەوە
مەمکەکانی خوشکت لەوێندەرن
چاوەڕێتن
نەکەی وەکو جاران پرسیار بکەیت
پەنجەکانت بەبێ دەنگی بەرەڵا بکە
پێتوانەبێت تۆ ژیرتری لە مەمکی ئەو
پێتوانەبێت گەورەتری لە پەنجەی خۆت
من ئەزانم
کە منداڵ بووی گەورەتر بووی لە ئێستاکە
هەر بەوەش بوو
کە نەتوانی شەوێک بچیتە ماڵی مێروولەکان
گەر دەتەوێت برینەکانت بە تامتر بکەیت
رەنگی گەڵاکانی پایز بە میزی برادەرە سەرخۆشەکانت بکەیتە تابلۆ
چیتر دەستەوەسان دامەنیشە
گوێکانت پانتر مەکە

هەناسە دوورەکانت لەسەر سینگی ژنی برادەرەکانت گڕتێبەردە
با ئەوان ئاگر لەسەر سینگی سۆزانیەکان بکەنەوە
تۆش بە گازی لێوەکانت مەمکی ژنەکانیان شین و مۆر بکە
مۆری لێوەکانت پاسەپۆڕتن بۆ سەفەری ئەو مەمکانە
ئەم خەتایەت لە خۆت دەرکە
با سیس بوونی گوڵەکانی چاوت کوێرت نەکەن
تۆ نازانی
سەد ئەوەندە روباری نووسینەکانت بۆ سەر کێلگەی دڵی ئەوان
بە یادی شەوانی باخچە ئاودان
بەقەد یەک ماچی تەڕی لێوەکانت لەشی ئەوان خەنی ناکات
تۆ ماچی روومەت ئەکەیت
پەنجەی پێیەکان هەڵئەپەڕن
ماچی سەرچۆک ئەکەیت
لێوەکان هەڵئەفڕن
کە زمانێک بە پشتملدا دێنیت
تەزوی ژیان ئەخەیتە هەموو دەمارەکان
رەنگە تۆش نەزانی ناوکی ژن چەند تامەزرۆی سەرزمانی پیاو ئەکات
ترسنۆک مەبە وەک پاڵەوانەکانت
نووسین قەت نابێتە باران
ئەگەر بوو
بارانێکە کەس تەڕ ناکات
ئای تەڕبوون چەند خۆشە
چەند حەزدەکەم کە تەڕبکرێم
جارێک ئەمەم بە ژنەکەم گووت
چەند سادە بوو
دوو کاتژمێر چووە ژێر باران
نەکا هاورێم تۆش بە ئاوی روبارێکا خۆت خەنی بکەیت

هاوڕێیەكی ژن لێم توڕە بوو
من بێ دەنگ بووم
ئەو توڕەتر بوو
من بێ دەنگتر
بە سەرسوڕمان هاواری كرد
تۆ تەڕ نابیتتتتتت !!!!!!!!!!!!
ئێوارەیەک باران وەها دایگرتبوو
هەرچی بوونی ئەم وولاتە هەیە ئاوی لێئەچۆڕا
كەچی من تەڕ نەئەبووم
خەلكانی بالاخانەكانی ئەم شەقامە
هەرچی هەبوو هاتبووە تەماشای من لە پەنجەرە
كەچی من هیچ كەسێكم نەئەبینی
تەڕیان بكە ئەی برادەر
لەجیاتی منیش ژنی هەر هەموو برادەرەكان تەڕبكە
ژنەكەم
تۆش ئەم تەڕایەت لەناو خۆتدا ووشک مەكە
كە من تەڕنەبم گونەهی تۆ چیە
گونەهی ئەو پیاوانە چیە كە بە ئاوی دەمی تۆ سەوز ئەبن
ژنەكەم
تۆ وەكو من مەبە
وەكو شەنگە مەبە
وەكو هیچ نووسەرێک مەبە
نووسەرەكان تاكو ئێستا وا ئەزانن ئاو لە كانی نووسین ئەزێ
ژنێكی شاعیر لەبەرخۆیەوە ئەیگووت
چیبكەم كە مێردەكەم تەڕم نەكات
ئەبێ خۆم بە نووسین تەڕبكەمەوە
سەد ئەوەندە نووسینەكانت بكەیت بە باران

بەقەد تەڕایی ماچێک ڕەیحانە نارۆێنێت
نەک ئەو ڕەیحانانەی وائەزانیت بۆنی تۆیان هەڵگرتوە
ئەوان ڕەیحانەی ئینتەرنێتن
دزی بە ئیمێلەکانەوە ئەکەن
نەکەیت چیتر ئیمێلەکانی دڵت بەبێ ئەنتی درۆ بکەیتەوە
ئەم نووسینەی منیش چەندجار سکان بکە
لە بەرەبەیانێک
بەر لەوەی تریفە خەونەکانی خۆی بگێڕێتەوە
بە کلیکێک لەسەر ناوکی
لاپەڕەی یەکەم لە مەمکی ڕاستی پرێنت بکە
لاپەڕەی دوایش لە مەمکی چەپی
بەبێ شەرم
میوانداری ئەو کوڕە بکە
کە بۆ مژی لێوەکانت ماجەرەجوی بە پیاوەتی خۆیەوە کرد
وانەزانی نەیئەزانی کە تۆ مووست لە گیرفانە
تاکو ئێستاش
خەونەکانی بە لەشکرێک لە بەتریق
لە جەمسەری باکورتەوە
بەرەو هێڵی ئیستوائی جەستەت ڕەوان ئەکات
ئەو بەلێوی ژنەکەی خۆی برینەکەی قولتر ئەبێت
بڕوا مەکە
ئەو بە لێوی تریفەی تۆش ڕازی ببێت
ئەو مەراقە مەراق
وەک ڕامانی تۆ بە دیوی دووەمی ئەودا
لەوە زیاتر بەزەیت بە ماڵی کێشکەکاندا نێت
وانەزانی هەر سواندەی ڕوحی تۆ هەیە بۆ هێلانەی ئەوان
لەوە زیاتر خۆت مەکە بە باخچەی بەستەزمانان

کونەکانی پێستی لەشت
بە پیتی نووسینەکانت پڕ مەکەوە
تۆ ناتوانیت حەزە سەرشێتەکان لە ناو خۆتدا دەستەمۆ بکەیت
هەر بیست پەنجەی تریفەکەت
لەگەڵ پەنجەکانی ژنە رەشی خەونەکانت و
پەنجە ناسکەکانی گەنم رەنگی شعرەکانت و
پەنجەکانی گوڵێ و
پەنجەکانی ژنی هەموو برادەران
کونەکانی تۆیان بۆ ناگیرێت
من نازانم
تۆ بۆ هێندە بەدوای گرتنی کونەکانتی
بۆ حەز ناکەیت با بەناوتدا گوزەر بکات
ئەم ترسە لەخۆت دەرکە
کێ پێی گووتی لە بیابانەدا مەمک بارین نیە
یان پەنجەکان سەریان ئەبڕێت
لێم بپرسە
بڵێ هەندۆ، تۆ سەفەری بیابانت کرد، چۆن لەوێدا بزر نەبوویت
ئەڵێم شەنگە
چۆن بزر ببم
کە لەوێدا
هەر مەمکە و رەنگێکی هەیە
هەر لێوە و تامێکی هەیە
جەستەکان ئاگری جیاجیا ئەکەنەوە
تامی ئاوی ناو گیانی ژن
لە ئاوی کانیەکانی شەقڵاوە زۆر خۆشترە
هەر ژنە و تامە ئاوێکی هەیە
لە ژنە بیابانییێکم پرسی

ئەویش هەر وای ئەگووت بۆ پیاوەکان
شەنگە
ئەگەر برادەرەکەت کوڕێکی بیابانی بوایە
پێم وانەبوو
کە حەز بکەیت وا بە مووس برینداربێت
بیابان ئەوەی خۆشە
خەونەکانی پڕن لە باخچەی تەڕ
لەویٚ ئەگەڕێیت
وەک چۆن لێرە پەنجەکانی پیاوێک لە جەستەی ژنێک و
پەنجەکانی ژنێک لە جەستەی پیاوێک
بۆ تەڕایی ئەگەڕێن
گەڕان تەڕت ئەکات
نەک باران
نەک نووسین
تۆ ئەگەڕێیت
ئەگەڕێیت بە ترسەوە
زۆر بە ترسەوە
خەتای تۆ نیە هاوڕێم
خەتای مەمکەکانی خوشکەکەشت نەبوو
خەتای چاوەکانی ئەو دارتووە بوو
کە خۆی کوێرکرد بە گرتنی وێنەی ئێوە
خەتای گوێکانی بوو
تا خۆی کەڕکرد بە تۆماری چرپەکانتان
دڵت بەو دارسێوانە نەسوتێت
کە بە مەمک گرتن سێویان ئەگرت
چیدیش خەمی ئەو سێوانە مەخۆ
کە کرمە ناسکەکان کونی قوڵیان تیادا ئەکەن

سێوەکان وەکو تۆ نین
ئەوان بە کونکردن شیرن ئەبن
من تێناگەم
تۆ بۆ ئەتەوێت بە کون گرتن خۆت شیرن کەیت
بۆ ئەتەوێت خۆکوشتنی ئەم ژنانە وا تەشویقکەیت
لاشەی مردووی ئەم خودایە لە جەستەی خۆت دەرکە هاوڕێم
یان بیکە بە ژەمێکی ئەو پشیلەی، کە بڕیارە حەفتەی دووجار خواردنی بدەیت
پەروانەیەک یاخی ببوو
لەگەڵ مندا لە تاریکی ئەژیا
کە لێم پرسی
ئەی پەروانە، تۆ بۆ یاخیت لە سیستەمی پەروانەکان
ووتی ئێمە دەستەخرۆی ئەو شاعیرانەین
خۆسوتاندنیان بە عشق پێناسەکرد
لەم کاتەدا
قەتمەر لە دەرگای دا
دەرگام نەکردەوە
ووتی من نامەوێت بێمە ژووریّ
لەپشت دەرگا یەک دوو ووشە جێدەهێڵم
کە لێی رامام
ووشەکانی شەنگەم بینی چۆن بە دەمارەکانیدا ئەخولانەوە
بێ باکانە ووتی
هەندۆ، بۆ خۆت ناکوژی
مەگەر نازانیت شەنگەکەی تۆ چۆن باس لە مردن ئەکات
کەسێک هەیە نووسینی ئەو بخوێنتەوە و حەز لە مردن نەکات
خۆت بکوژە هەتا زووە
من ئەزانم کە تۆ ئەبی بە چ شعرێک
رۆمانێکی بێ کۆتایی باست ئەکات

خۆت بکوژە
بەقسەی ئەو پەروانە یاخیە مەکە
کە سەیرم کرد
شوشەی ئۆزۆ خالی بووە
سەرخۆشانە بە نێوانی من و قەتمەر رەت بوو
لەبەر خۆیەوە ئەیگووت
ژیان لە تاریکی زۆر خۆشترە
نەوەک مردن لە روناکی
یەکەمجار بوو
هەست بە تەڕ بوونی گیانم بکەم
نەمدەزانی
دۆزەخی قەتمەرە عارەقەم لێدەردەدا
یان
شەرمەزاریم لە ئاست پەروانەدا
چۆن رێگامدا بەم بارانە بچتە دەرێ
خەتای من نیە هاوڕێ
خەتای تۆش نیە
خەتای تریفە و براداران نیە
خەتای دارتوو و رەیحانە نیە
خەتای رەنگی ژنەکان نیە
خەتای گەمەی پیاوەکان نیە
ئیمێلەکەی روحت
دڵت
چاوت
گوێت
لووتت
هەر هەموو ئیمێلەکانت بکەرەوە

بیانکەرەوە بەبێ ئەنتی مردن
بەبێ ئەنتی درۆ
بەبێ هەموو ئەنتێک
بیانکەرەوە لەگەڵ هەموو کونەکانی خۆتدا
لێگەڕێ با (با) بەناوتدا گوزەر بکا

١٧ی ٢ی ٢٠٠٧

**هەندرێن حەمەدەمین**